ئۆپراسیۆنە هاوبەشەکان لە چیای حەمرین ئۆپراسیۆنێکی ئاسمانیان ئەنجام دا

فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی هاوبەشەکان ئەمڕۆ ڕۆژی سێشەممە ڕایگەیاند کە لەچیای حەمرین گورزێکی ئاسمانی دژبە مەڵبەندەکانی داعش وەشاندووە.

بەیاننامەی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکاندا هاتووە:- پاش بەدوواچوونێکی چڕ و بەدەستهێنانی زانیاری ورد لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی وهەماهەنگی لەگەڵ شانەی بەئامانجگرتنی سەربە فەرماندەیی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنەکان هێزی ئاسمانی گورزێکی کوشندەی ئاراستەی مەڵبەندێکی داعشی تیرۆریست کرد لە زنجیرە چیای حەمرین / کەرتی فەرماندەیی دیالە لەکاتژمێر ٨ ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ و کوشتنی ژمارەیەک تیرۆریستی لەکەوتوە